هەرێمی کوردستان - عێراق
هەولێر - زانکۆی سەلاحەدین
کۆلێژی ئاداب – دەروونزانی

# فینلەندییەکان

## چۆن بوون بەوەی کە هەن؟!"

### پەروەردە وەکو فریادڕەسێك

ئامادەکردنی قوتابی:
علی عبدالقادر رسول

بەسەرپەرشتی مامۆستا:
هێمن صالح احمد

# ناوەڕۆک:


**پێشەکی ........................................................................................ ٣**

**پەنجەرەی یەکەم: مێژووی فینلەندا لەگەڵ پەروەردەدا ............................ ٤**

کورد و فینەکان: دوو جمکی چارەنووس جیا ............................................... ٤

پەروەردە وەک فریادڕەسێک........................................................................ ٥

دووبارە پەروەردە ئەبێتەوە بە فریادڕەس ................................................ ١٠

**پەنجەرەی دووەم: سیستەمی پەروەردەی فینلەندی .............................. ١٣**

سیاسەتی پەروەردەی فینلەندی.................................................................. ١٣

ئاستەکانی سیستەمی پەروەردەی فینلەندی .............................................. ١٤

گرنگترین ئەو تایبەتمەندییانەی کە سیستەمی پەروەردەی فینلەندی هەیەتی ...... ١٦

**سەرچاوە سەرکییەکان ...................................................................... ٢٠**

# پێشەکی

لەم ڕاپۆرتەدا هەوڵدراوە لەدوو پەنجەرە و گۆشەنیگای جیاوازەوە پەیوەندی نێوان پەروەردە و فینلەندا بخرێتە ڕوو ، لە پەنجەرەی یەکەم تیشک خراوەتە سەر مێژووی فینلەندا لەگەڵ پەروەردە و لە پەنجەرەی دووەمیش تیشک خراوەتە سەر سیستەمی پەروەدەری فینلەندی. هەروەها ئەکرێت ئەم ڕاپۆرتە هەوڵێك بێت بۆ وێناکردنی ئەو کاریگەری و گرنگییە زۆرەی کە پەروەردە بۆ گەلان هەیەتی، کە بەڕادەیەکە ئەکرێت ببێتە فریادڕەسی چارنووسی گەلێك . لەپاڵ ئەوەش هەوڵێك بێت بۆ ئاشنابوون بە سیستەمی پەروەردەی فینلەندی ، ئەو سیستەمەی گەلێکی بچووکی پێنج ملیۆنی خستە نێو ناوانەوە.

ئەکرێت لە کاتی خوێندنەوەی ئەم ڕاپۆرتەدا هەست بە کەم و کوڕی بکەیت بەتایبەت لە نەبوون و دانەنانی سەرچاوەکان لەنێو باسەکاندا. لەوەدا ناحەقت نییە. تاکە بیانووشم بۆ نەکردنی ئەوە، بوونی کاتێکی کەم و زۆری و ونبوونی سەرچاوەکانە.

هەرچۆنێك بێت بەشێوەیەکی سەرەکی و بۆ زۆربەی دەقە مێژووییەکانی ئەم ڕاپۆرتە پشتم بە کتێبی " لەسەرزەمینی سەوسەنە سپییەکان"ی نووسرەی ڕووسی (گریگۆری پیترۆڤ) ، لەپاڵ ئەمەش پشتم بە بیست بۆ سی سەرچاوەی ئینتەرنێتی بەستووە، لە هەر شوێنێك بە تەنها ووشەیەکیش باسی لە سیستەمی پەروەردەی فینلەندی کردبێت شتێکیم لێ هەڵێنجاوە، بە شێوەیەك لە هەندێك پەڕەگراف زیاتر لە یەك سەرچاوەی تێدا بەکارهێنراوە.

بەو هیوایەیی ببێتە جێی ڕەزامەندیتان..

# پەنجەری یەکەم:
# مێژووی فینلەندیەکان لەگەڵ پەروەردەدا

بە درێژایی ئەم چەند ساڵەی دوایی فینلەندا ڕیزبەندی دە یەکەمین باشترین سیستەمی پەروەردە گرتووە. لە ڕێژەی خوێندەواریش هەر لە ترۆپك دایە و تەواوی خەڵکی سەروو تەمەن ١٥ ساڵی، لە فینلەندا خوێندەوارن. تەنانەت ٪٥٠ی منداڵانی فینلەندا بەر لەوەی بچنە قوتابخانە، توانای خوێندنەوەیان هەیە. یەکێکیشن لە خۆشبەخترین وڵاتانی جیهان و خاوەنی خاوێنترین ژینگە و هەوایی جیهانن.

هەرچۆنێك بێت سەرەڕای ئەوەی فینلەندیەکان تەنها ٠.٠٧ی دانیشتوانی جیهان پێك دەهێنن، کەچی لە بەشێکی زۆری شتە ئەرێنیەکان توانیویانە باز بدەنە لوتکەی ڕیزبەندیە جیهانیەکان. بەڵام وەك ئەگووترێت : "کەس لە پڕێك نەبووە بە کوڕێك" ئەوانیش هەر لەخۆوە نەبوون بەوەی کە ئێستا هەن ، تەنانەت سەردەمانێك لەنیو زۆرنگاوی نەزانی و نەخوێندەواری گەوزاون!

## کورد و فینەکان : دووجمکی چارەنووس جیا

کاتێك وەك کوردێك هەوڵ ئەدەیت مێژووی فینەکان و فینلەندا بخوێنیتەوە، وا هەست ئەکەیت مێژووی خۆت ئەخوێنیتەوە ( هیچ نەبێت ، من وام هەست ئەکرد!) ڕێك وەك ئەوەی جمك بن.

فینەکان لە ناوچەیەکی سەختی شاخاوی ئەژین و بە درێژایی مێژوویەکی زۆر ، بێ دەوڵەت و ژێردەستەی نەتەوەکانی دەووروبەریان بوون و تەنانەت بە هاوڵاتی پلەدووش حیسابیان بۆ کراوە. دراوسێکانیشیان زلهێزترین و دڕندەترینی نەتەوەکانن. تا ئەم چەند `سەدەیەی دوایش عەشایەرترین و دواکەوتووترین نەتەوەی ناوچەکەیان بوون. تەنانەت لەڕووی ئەخلاق و ئاییینیشەوە دواکەوتوو بوون. خۆبەکەمزانن و چەند جارێکیش شەڕی ناوخۆ لەنێویاندا ڕوویداوە.

گەر لێی وردببنەوە مێژووی کوردیش هەمان تاس و حەمامە. بەڵام ئەوەی جێگای تێرامان و پرسیارە ئەوەیە، گەر خاوەنی هەمان مێژووبین،چۆن چارەنووسی ئەوان بوو بەوەی کە ئێستا هەن و ئێمەیش بۆ چ هەر ئەوەین کە ئێستا هەین؟! [1]

## پەروەردە وەك فریادڕەسێك:

فینلەندییەکان هەتاوەکو شۆڕشی ڕووسیا لە ساڵی ١٩١٧ نەتەوەیەکی سەربەخۆ نەبوون. تا ماوەیەکی زۆریش هیچ ڕابەرێکی سیاسی باشیان نەبوو کە بەرەو سەربەخۆیی ڕابەڕییان بکات و هانیان بدات. فنلەندییەکان لە دوورترین شوێنی باکوری ڕۆژئاوای ڕووسیا نیشتەجێ بوون، هەروەها فینلەندا هاوسنووری سویدیشە کە هەتاوەکو ساڵی ١٨١١ کۆنترۆڵی فینلەندای کردبوو. لەو ماوەیەدا مامەڵەکردنی سویدییەکان لەگەڵ فینلەندییەکان ڕێك وەك مامەڵەکردنی نەمسایییەکان بوو لەگەڵ بۆسنەیی و سڕبییەکان یان وەك مامەڵەی یۆنانییەکان لەگەڵ بولگارییەکاندا لەماوەی حوکمڕانیی عوسمانیدا. هەموو بەڕێوەبردن و حوکمی یاسا و بازرگانی و پیشەسازی و خوێندنگەکان و تەنانەت پەرستگەکانیش لەژێر کۆنترۆڵی خەڵکی سویددا بوون .

هەموو ئەفسەر و دادوەر و کارمەندی سەربازی و پیاوانی ئایینی و مامۆستایان لە سوید هەڵدەبژێردران. لەبەرئەوەی سویدییەکان خۆیان بە زۆرتر زانیوە لە فنلەندییەکان، بۆیە بەردەوام بە کەم سەیرییان کردوون وەك ئەوەی ئەوان ڕەگەزێکی نزمتر بن و هەر واش مامەڵەیان لەگەڵدا دەکردن. هەرچەند

[1] لەسەرەتادا ویستم وابوو، لەم سمینارەدا (یان ڕاپۆرتدا!) ، حەوداڵی دۆزینەوەی ئەم پرسیارەبم و بە پشت بەستن بە مێژوو بەراوردێك لەنێوان خۆمان و ئەوان بکەم و دواتریش بپرژێمە سەر پەروەردە و وەك فریادڕەسی چارەنووسی گەلان ناوی ببەم. بەڵام ڕاستیتان ئەوێت، دەرەقەتی نەهاتم..!. چونکە هەم داتا و زانیاریەکی وام دەست نەکەوت و هەمیش لام وابوو لە سمینارێك یان ڕاپۆرتێکی وا حەقی تەواو بە بابەتەکە نادەم! بۆیە بێ دەنگیم لێ کرد و هەوڵمدا ڕاپۆرتەکە بە ئاقارێکی تردا ببەم و زیاتر تیشك بخەمە سەر سیستەمی پەروەردەی فینلەندی. (علی عبدالقادر)

فینلەندییەکانیش هەمان مافی سیاسیی وەك هیی سویدییەکانیان هەبوو، بەڵام لە ڕووی کاری ڕووناکبیری و ئابووری و تەنانەت ئەخلاقیاتیشەوە دواکەوتووبوون.

فینلەندیەکان پەراوێزخراونترین و هەژارترین نەتەوەی ناوچەکە بوون. شێوازی ژیانیان زۆر سادە بوو لە زۆربەی ناوچەکان جوتیارەکان هەمان جلیان بۆ ئیش و بۆ خەو لەبەر دەکرد. لەبەر ئەوە جێگاکانیان هەمووی ئەسپێ بوو. هیچ خووی خۆشووشتن و جل شووشت و وشك کردنەوەیان نەبوو، جوتیارەکان بە شێوەیەکی بەردەوام نەخۆش بوون. بەتایبەت نەخۆشی سیل. بیری ئاوەکانیشیان نزیك ئەو چاڵانەبوو کە کرابوون بە ئاودەست، لەبەر ئەمە گرانەتا نەخۆشیەکی بەربڵاوبوو. منداڵەکان بەهۆی سکچوون و گرانەتا و ئیفلیجیەوە دەمردن. خەڵکەکە هەژاربوون و خواردنیان کەم بوو. سەرەڕای ئەوەش، ئاڵوودەی خواردنەوە ببون. ژمارەیەکی بەرچاوی خەڵکی گوند و لادێکانی فینلەندا کەڕ و لاڵ و نەبینا و شەل و قەمبوور و پەککەوتە بوون، هەندێکیشیان گەشەی مێشکیان دواکەتووبوو. لەو کاتەدا جگە لە بەشێکی کەم لە دانیشتوان، هەموو فنلەندییەکانی دیکە نەخوێندەوار بوون.

ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەوەیە لەنێو ئەو جۆرە ژیان و کۆمەڵگەیەدا، فریادڕەسێك هەڵکەوت[2] کە ئەکرێت بەو پیاوە ناوزەند بکەین کە چارەنووسی فینلەندای بەتەواوی گۆڕی بەهۆی پەروەردەوە، ئەو کەسەش ناوی سنێلمان بوو.

ئەو لای وابوو بۆ ئەوەی فینەکان لە ژێردەستەیی و هەژاری ڕزگاربکرێن پێویست بە چاك ناکات، بەڵکو شتێکی تر هەیە کە زۆر لە چەك کاریگەرترە ئەویش پەروەردەیە. لای وابوو ئەبێت دووبارە فینەکان پەروەردە بکرێنەوە و لەو

[2] دوو بیروڕا هەن سەبارەت بەوەی کە ئایا تەنها پاڵەوانەکان گۆڕانکاریی دروستدەکەن یاخود هەوڵی تەواوی نەتەوەیەك و زیندوێتی و پەرەسەندنی ڕۆحی گشتی گۆڕانکاریی وا فراوان دێننە کایەوە؟! ، بیروڕای یەکەم لای وایە نەتەوە هیچ نییە چینێك قوڕی بێ ژیان نەبێت، هەروەها بێ ژیان و بێ جوڵە دەمێنێتەوە تا ئەوکاتەی دەستی هونەرمەندێکی پێ دەگات. بیرمەندی گەورەی ئینگلیز "کارلیل" پاڵپشتی ئەم بیروڕایەیی دەکرد. لەبەرامبەردا بیروڕایەکی تر هەیە کە لای وایە: هەرگیز پاڵەوان و فریادڕەسێك پەیدانابێت ئەگەر خودی کۆمەڵگەکە ئامادەباشی ئەوەیان تێدانەبێت! ، ئەم بیروڕایەش بیرمەندی ڕووسی "لیۆ تۆڵستۆی" پاڵپشتی دەکرد.

زۆنگاوه نەزانی و دواکەوتوویەی کە تێیدان، ڕزگاربکرێن. ئەوکات ئەتوانرێت لەژێردەستی داگیرکەران ڕزگاریان ببێت، بۆ ئەمەش پەنای بۆ پەروەردە برد . سنێلمان هەمیشە دەیگووت:

**" ئەوکاتەی گەلەکەمان شارستانیەتێکی بەرزتری هەبوو لە گەلە بەهێزەکانی دراوسێمان ، چیتر مەترسی لەسەر بوونمان نامێنێت!"**

بۆیە شان بە شانی هاوڕێکانی دەستی کرد بە پەروەردەکردنی گەلەکەی و شاربەشار و گوند بە گوند ئەگەڕا و ووتاری بۆ ئەدان. هەروەها سنێلمان کە نامەی بۆ خەڵك دەنووسی یان ڕەخنەی لێ دەگرتن یاخود پێشنیاری بۆ دەکردن. لەنێوان وەرگری نامەکانیشدا ئیشی دابەش دەکرد و سەردانی هەرشوێنێکیشی بکردایە خۆبەخشی پەروەردەیی کۆدەکردەوە، بەردەوام دەیوت:

**"دەزانن چۆن دەزوو با دەدرێت و دەبێت بە پەت و گوریس، سەرەتا دەبێت دەزووی باریك بهێنن و بای بدەن بۆئەوەی ببێت بە پەت. دواتریش پەتەکان بابدەن و بیکەن بە گوریس. ئەرکی ئێمەش ئاوایە، پێویستە هێزە پەرتبووەکانی ڕووناکبیرەکانمان لەشوێنی دیکە کۆبکەینەوە و گەلە دوو ملیۆنیە بەهێزەکەشمان بکەین بە هێزێکی پتەوتر."**

سنێلمان کەمپی هاوینەی بۆ مامۆستایان ڕێکدەخست. لەسەرەتادا ئەم بەرنامانە لەناو مامۆستایاندا باو نەبوون، چونکە سەدان مامۆستا کە لە دەست وانە وەڕسکەرەکانی زستان ماندوو دەبوون، لە وانەکانی هاوینیشدا بەشداریان دەکرد بەبێ خواستی خۆیان، بۆیە ڕازی نەبوون لە کارەکانیان، سنێلمان لە مامەڵەکردنی لەگەڵ ئەم مامۆستایانە هەمیشە ئەرێنی بوو و پێی دەوتن:

**"برا ئازیزەکانم! باش ئاگام لە سەختی کارەکانتان و بەرپرسیاریەکانتانە وەك مامۆستا. هەروەها دەشزانم کە کارەکانتان لە سوچە دوورەدەستەکانی ئەم وڵاتەدا چۆنە و دەشزانم کە خەڵکی بەپێی پێویست سوپاسگوزاری ئەم قوربانیانەتان نین و باری ئابووریشتان بەردەوام خراپە، بەڵام چی بکەین؟**

تکایە لەبیری مەکەن: **ئیتر ئێمە دەستمان کردووە بە ئەرکی پیرۆزی بەخەبەرهێنانەوەی نەتەوەکەمان. ئێمە ڕابەری سوپای نوێی پەروەردەین، بۆیە**

**لەکاتی ململانێماندا دژ بە نەزانی پێویستە بەرگەی هەموو جۆرە سەختییەك بگرین. ڕەنگە لە ڕۆژانی سەرەتادا لێمان تێنەگەن، پێویستە قوربانیی بدەین، ڕەنگە هەندێکیشمان لەبەر ئەم هۆکارە لەناو بچین بەڵام ئەمە ناچارییە و هەر دەبێت بکرێت.**

**بۆیە من بانگهێشتتان دەکەم بۆ قوربانیدان و تەنها بانگی ئەوانەش دەکەم کە دەیانەوێت خۆیان بۆ ئەم هۆکارە تەرخان بکەن.**

تکایە بمبەخشن بەڵام دەمەوێت زۆر بە ڕاشکاوی بڵێم:

**وەك هەر کایەیەکی دیکەی کارکردن لەنێوان مامۆستایانیشدا ڕەنگە کۆمەڵێك هەبن کە بە کارەکەی خۆیان نامۆن، کەسانی لەم جۆرە لەکارەکەی خۆیاندا تەنانەت خوێندکاریش نین، بەڵکو تەنها ئالودەی کارکردنن و سوکایەتی بە پیشەی مامۆستایەتی دەکەن.**

ئامۆژگاریەکی هاوڕێیانەم بۆ ئەوانە هەیە: **تکایە با واز لە فێرکردن بهێنن و بەدوای کارێکی تردا بگەڕێن بۆخۆیان! دەتوانن یان بازرگان بن یان نووسەری نوسینگە یان هەر شتێکی دیکە... ئەمانە پێویستە بڕۆن و کەسی نوێتر پۆستی فێرکردن وەربگرن، چونکە فێرکردن پێویستی بە کەسی چالاك و دڵگەرم هەیە. بڕوانن لەسەر داوای من مەزنترین پرۆفیسۆر و توێژەرەکانی ئەم وڵاتە ڕازی بوون پێنج شەش سیمینارێکتان بۆ بکەن، بۆیە سوودیان لێ ببینن. کاتێکیش گەڕانەوە بۆ خوێندنگەکانی خۆتان، تکایە ئارەزووی فێربوون فێری خوێندکارەکانتان بکەن.**

زۆرینەی مامۆستایانی خوێندنگە سەرەتاییەکان بەم داوایەی سنلێمان جوڵان و لەگەڵیدا کۆمەڵەیان پێکهێنا بۆ ئەوەی لە دژی نەزانی بووەستنەوە. خۆیان زیاتر بۆ فێربوون تەرخان کرد بۆئەوەی مەودای زانینیان فراوانتر بکەن و شوێنی ڕابەرە پەروەردەییەکەیان بکەون. زۆری نەبرد هەریەکێك لەوان بوو بە سەرچاوەیەکی مەزن بۆ کلتور و شارستانیەت. ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستایانی گەنج بە هەمان ڕوانگەی سنێلمانەوە لە فینلەندادا وانەیان دەگوتەوە. هەرچەندە سنێلمان ئەرکی بەخەبەرهێنانەوەی فینلەندای بەتەنها نەخستبووە سەر

شانی مامۆستایان، بەڵکو هەرکاتێك دەیبیست کە لە شوێنێك کۆڕی کارمەندانی حکومی و پزیشکان و بازرگانان هەیە سەردانی ئەو شوێنەی دەکرد و قسەی بۆ دەکردن:

**"نابێت گەلەکەمانتان لە بیر بچێت! ئێوە لەنێوان ئەواندا گەورە بوون. ئێستا سەیری خۆتان بکەن و بیر لەوە بکەنەوە کە پێوەی خەریکن، ئایا لە دەست نەزانیی خوشك و براکانمان هەڵدێن یاخود بیر لە چارەسەرێکی ماقوڵ دەکەنەوە بۆ ئەوەی گەلەکەمان بەرەو پێگەیەکی باشتر ببەن؟ چی دەکەن بۆ بەخەبەرهێنانەوەی خەڵکەکەمان و باشترکردنی ئاستی ڕۆشنبیرییان"**

ناو بە ناو قسەی بۆ خەڵکی دەکرد:

**"ئەوە شەرمەزارییە و بەڕاستی تاوانە کە پەروەردە و چاککردنی زۆرینەی خەڵکی پشتگوێ بخرێت. باوەڕم پێ بکەن، بۆ کەسێك کە بە چرای شارستانییەت ڕووناك بووبێتەوە، تاوانە کە ئەرکێکی بەم شێوەیە فەرامۆش بکات. ئەو دامەزراوەیەی کە پێی دەڵێن دەوڵەت، کۆشکێك نییە کە پەنجەرەی گەورە و بنمیچی بەرز و پایەی زۆری هەبێت و، پڕ بێت لە هەوای پاك و ڕووناکی لە بەشەکانی سەرەوە و تاریکی و گەرمییش ژێرزەمینەکانی تەنیبێت. بێبەشکردنی خەڵکی ئاسایی لە پەروەردە، تاوانێکی ئێجگار گەورەیە و بە مانای خۆکوشتنی نەتەوە و دەوڵەت و نەوەکانی ئایندە دێت."**

هەر چۆنێك بووبێت، ئەوەی کە سنێلمان کردی، بناغیەك بوو بۆ ئەو شارستانیەتەی کە ئێستا هەموو فینلەندیەك شانازی پێوە ئەکات. پەروەردەش ئەو بەردی بناغەیەبوو کە بەتەواوەتی چارەنووسی فینلەندیەکانی گۆڕی. لە نێو خۆشماندا بە دەیان و سەدان ڕابەر و شۆڕشگێر هەڵکەوتوون. بەڵام بناغەیەکی وایان بنیادنەناوە کە شایەنی باسکردن بێت. بۆ ئەمە، هۆکار زۆرە بەڵام گەر ڕابمێنن جیاوازیەکی زەق لە نێوان ڕابەرەکانی خۆمان و سنێلمان دەرئەکەوێت. ئەویش ئەوەیە کە سنێلمان پشتی بە پەروەردە بەستبوو و ئەوانی خۆشمان

پشتیان به چەك بەستبوو. ئایا ناکرێت ئەمە هۆکارێکی سەرەکی بێت بۆ جیاوازی چارەنووسی ئەم دوو جمکەیە![3]

**دوبارە پەروەردە ئەبێتەوە بە فریادڕەس:**

پاش جەنگی جیهانی دووەم، فینلەندا لە حاڵێکی خراپ دابوو. بەشـێوەیەکی چـاوەڕواننەکراو گۆڕانکـاریەکی گەورە و خێرا ڕوویـدا. بەڕێژەیەکی بەرچـاو دانیشـتوانی فینلەندا زیادیان کرد، کە ژمارەی لەدایکبووانی سـاڵانە دەگەیشـتە زیاتر لە ١٠٠.٠٠٠ کەس. خەڵکانێکی زۆریش ڕوویان کردە شار و دەستیان کرد بە کاری پیشەسازی و باری ئابووری وڵاتەکە بووژایەوە.

ئەم گۆڕانکاریە خێرایانە وایکرد کە دایك و باوکان بەدوای پەروەردەیەکی کوالێتی بەرزدا بگەڕێن بۆ منـاڵەکـانیـان. قوتـابخـانەکـان لەوکـاتەدا دەبوایە ژمـارەیەکی زۆری قوتـابیـانی تێیدا جێ بکرێتە کەچی بەهۆی ئەوەی بەدرێژایی پازدە سـاڵی دوای جەنگی جیهانی دووەم ڕێژەی لەدایکبووان بە نزیکەیی دە ئەوەندە زیادی کردبوو،ئەوە نەئەکرا. نایەکسـانییەکی ڕوونیش هەبوو لەنێوان منداڵە لادێییەکان و شـارنشـینەکان. هەر ئەمەبوو وای کرد زیاتر لە هەر کاتێك دایك و باوکان داوای "پەروەردەیەکی سـەرەتایی باشـتر و گشـتگیرتر" بۆ منداڵەکانیان بکەن. زیادبوونی ژمارەی قوتابیان ، بووە هۆی ئەوەی چاکسـازی جدی بکرێت بۆ بەرزکردنەوەی کوالێتی پەروەردە کە بۆ هەموو منـداڵێك دابینبکرێت بەبێ ڕەچـاوکردنی بـاکگراونـدی ئـابووری و کۆمەڵایەتی یـان ئەو شوێنەی کە تێیدا نیشتەجێیە.

ساڵی 1968، پەرلەمان یاسادانانی بۆ هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی کۆن و دروسـتکردنی سـیسـتەمێکی نوێی ناوەندی و گشـتگیری قوتابخانە دانا. ئەم چاکسـازیەیی کە لە سیستەمی پەروەردەی فینلەندی کرا ئەنجامی چەندین سـاڵ لێکۆڵینەوە و توێژینەوەبوو، لە دەیەی دوای کۆتـایی جەنگی جیهـانی دووەم،

[3] ڕاستیتان ئەوێت، پشتڕاستکرنەوەی ئەم بۆچوونە ئەوەندە ئاسان نییە. چونکە پێویستی بەوەیە لەچەند گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە لێی بڕوانین و بەراوردێکی وورد بکەین لەنێوان هەردوو نەتەوەکەدا. ان شاءلله لەکاتێکی تر و کارێکی تر، هەڵئەدەم خۆم بخەمە ژێر بارێکی واوە. بەڵام لێرەدا لام وایە ئەوەندە بەسە! (علی عبدالقادر.)

پەرلەمانی فینلەند سێ لیژنەی چاکسازی یەك لەدوای یەك دروستکرد کە هەریەکەیان ئامانجیان دروستکردنی سیستەمێکی پەروەردەیی بوو کە دەرفەتی پەروەردەیی یەکسان بۆ هەموو فینیەکان دابین بکات.

سیستەمی نوێ هەنگاو بە هەنگاو لە وڵاتدا بڵاوبوویەوە ، لە ساڵی 1972ەوە لە باکووری فینلەندەوە دەستی پێکرد و تا ساڵی 1977 گەیشتە هەموو وڵات.

کاتێك چاکسازیەکان جێبەجێ کران، لەسەرەتادا حکومەتی فینلەند هەوڵی کۆنترۆڵکردنی زۆربەی لایەنەکانی سیستەمی نوێی ئەدا لەوانە مەنهەجی خوێندن و پشکنین و ڕێکخستنی گشتی، هەروەها زۆر بە توندی قوتابخانەکان و مامۆستایانی خستبووە ژێر چاودێریەوە. بەڵام لە چاکسازی پەروەردەیی ساڵانی 1990دا دەسەڵاتی زیاتری دا بە شارەوانییەکان، بۆ نمونە: مامۆستاکان بە پلانی پرۆگرام و هەڵسەنگاندنی خۆیان ڕاسپێردران. ئەم چاکسازییانە "کلتورێکی نوێی پەروەردەیی هێنایە ئاراوە کە بە متمانەی نێوان دەسەڵاتی پەروەردەیی و قوتابخانەکان و کۆنترۆلی ناوخۆیی و پیشەگەرێتی و خۆبەڕێوەبردن دیاری کرا."

لە ساڵانی 1980 و 1990کاندا قوتابیان بە شێوەیەکی ئەکادیمیانەتر و باشتر لە ساڵانی پێشتر پەروەردەکران. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە قوتابیان ئاستی زانیاری و شارەزاییان بەشێوەیەکی وا بەرەوپێشبچێت، کە بەدرێژایی چەندین ساڵ لە تاقیکردنەوە نێودەوڵەتیەکان پێشەنگی هەموو کۆمەڵگەمۆدێرنەکان بوون . هەر لەساڵی 2000 بەولاوە قوتابیانی فینلەندی لە ترۆپکی هەموو فوتابیانی تربوون لە هەڵسەنگاندن و تاقیکردنەوەی نێودەوڵەتی، لە ساڵانی 2000 و 2003 و 2006 و 2009، فینلەند نزیکەی هەموو خاڵەکانی بۆ خوێندەواری بیرکاری و زانستی و خوێندنەوە گرت. هەروەها ئێستا فینلەندا بە هەشتەمین وڵاتی ڕۆشنبیری لە جیهاندا دادەنرێت و لە ڕیزبەندی پەروەردەدا لەلایەن وڵاتانەوە، فینلەند کۆی نمرەی 1.631ی لە پلەی سێهەمی ساڵی 2021دا بەدەست هێناوە. هەروەها بەرزترین پلەی هەیە لە ڕێژەی تەواوکردنی دواناوەندی لەکاتێکدا لە ساڵانی ١٩٧٠ تەنها سەدا ٣٠ی خەڵکی

دواناوەندیان تەواوئەکرد. لە خوێندنی پێشبڕکێی کۆڕی ئابووری جیهانیش پلەی باشترین پەروەردە هەیە لە جیهاندا. ڕێژەی خوێندەواریش تێیدا سەدا سەدە.

هەرچۆنێك بێت داخستنی ئەم پەنجەرەیەمان بە ووتەی "پاسی سەهلبێرگ"، زانای فینلەندی و پسپۆڕی پەروەردەیی کۆتایی پێدێنین، کە لە ساڵی ٢٠١٠ گووتی: " **تاکە ڕێگا بۆ ڕزگاربوونمان وەك نەتەوەیەکی بچووك و سەربەخۆ پەروەردەکردنی گەلەکەمانە**"

## پەنجەرەی دووەم:

## سیستەمی پەروەردەی فینلەندی:

### سیاسەتی پەروەردەی فینلەندی:

بەشـــێوەیەکی گشـــتی ئەمانە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ســـیاســـەتی پەروەردەی فینلەندان:

• ئامانجی ســەرەکی لە ســیاســەتی پەروەردەی فینلەند ئەوەیە کە هەموو هـاولاتیەك دەرفەتی پەروەردەیی یەکســـــان هەبێت بۆ ئەوەی ســـوودی لێ وەربگیرێت.

• گرینگترین تەرکیز لە ســیاســەتی پەروەردەدا جەخت لەســەر چۆنیەتی، کارامەیی، دادپەروەری و نێودەوڵەتیکردن دەکاتەوە.

• لەسەر بنەماکانی 'فێربوونی هەتاهەتایی' و 'پەروەردەی ئازاد' دامەزراوە.

• مامۆســتایانی فینلەندی ئەو خۆبەڕێوەبەرییە دابین دەکەن کە پێویســتیانە بەڵام بە تەواوی مەشـــقیان پێکراوە و تەنها بە بڕوانامەی بەرزترەوە لیســـت کراون کە عادەتەن بڕوانامەی ماستەرە.

• مامۆســتاکان بە چڕی بەشــدارن لە دروســتکردنی باشــترین پرۆگرامی خوێندن و هەروەها پلانی فێربوون بۆ قوتابیان.

• ســیســتەمی پەروەردەی فینلەند ژینگەیەکی متمانەی نێوان ڕۆشــنبیران و کۆمەڵگا پەروەردە دابین دەکات.

• قوتابیەکان هاندراون بۆ کارکردن لەســەر پڕۆژە هاوبەشــەکان بەتایبەتی لە ڕێگەی پرۆژەی نێوان پەڕاوێزی و تایبەتمەندیەکان.

**ئاستەکانی سیستەمی پەروەردەی فینلەندی:**

سیستەمی پەروەردەی فینلەندی لە چەند ئاستێك پێکهاتووە، خوێندنی سەرەتایی و چاودێری، خوێندنی پێش سەرەتایی، خوێندنی ئامادەیی، خوێندنی بالا، و لە کۆتاییشدا پەروەردەی پێگەیشتووە.

وەسفی هەموو ئەم ئاستانە لە خوارەوە ئاماژەی پێکراوە:

1. **پەروەردەی منداڵی زوو و چاودێری:** پێش دەستپێکردنی خوێندنی زۆرەملێ بۆ قوتابیان دابینکراوە.
2. **خوێندنی پێش سەرەتایی:** ماوەی 1 ساڵ بۆ تەمەنی 6 ساڵ.
3. **پەروەردەی بنەڕەتی:** خوێندنی زۆرەملێی 9 ساڵە بۆ منداڵانی تەمەن 7-16 ساڵ.
4. **خوێندنی ئامادەیی:** پەروەردەی پیشەیی و ڕاهێنان/ خوێندنی ناوەندی گشتی.
5. **خوێندنی بالا:** پەروەردە لەلایەن زانکۆکان / زانکۆکانی زانستە جێبەجێکراوەکانەوە پێشکەشکراوە.
6. **پەروەردەی پێگەیشتوو.**

## پەیڕە و پرۆگرامی سیستەمی پەروەردەی فینلەندی:

ئەم سیستەمە جیاواز لە هەموو سیستەمەکانی تر هیچ تاقیکردنەوەیەکی پێوانەیی ناچاری نییە، جگە لە تاقیکردنەوەیەك لە کۆتایی سالّی خوێندنی ئامادەییدا ئەنجامدەدرێت. هیچ پلەیەك، هیچ بەراوردێك یان پێشبرکێیەك لە نێوان قوتابیان و قوتابخانەکان و ناوچەکاندا نییە. قوتابخانەکانی فینلەند بە گشتی پارەیان بۆ دابین دەکرێت. خەڵك لە دەزگاکانی حکومەتدا ڕایاندەپەڕێنن. هەموو قوتابخانەیەك هەمان ئامانجی نەتەوەیی هەیە ، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی هەموو قوتابیەکی فینلەندی هەمان ئاستی فێربوونی هەبێت ، گرنگ نییە لە گوندێکی لادێیی یان شارۆچکەیەکدا بژیت. جیاوازیی نێوان ئاستی لاوازترین قوتابی و بەهێزترین قوتابی، کەمترینە. بەپێی نوێترین ڕاپرسی لەلایەن ڕێکخراوی هاوکاری ئابووری و گەشەپێدان (OECD): "یەکسانی گرنگترین وشەی پەروەردەی فینلەندیە، ئۆلی لووکاین، سەرۆکی یەکێتی مامۆستایانی فینلەند وتی: هەموو لایەنە سیاسییەکانی ڕاست و چەپ لەسەر ئەمە کۆکن".

لەم سیستەمەدا کەمترین کاری ماڵەوە بە قوتابیان ئەسپێردرێت و مامۆستاکان، قوتابیان فێری دڵخۆشی ئەکەن. بەیاری کردن و کاروچالاکی هەرەوەزی قوتابیان ڕادەهێنن و هیچ کارێکی زۆرەملێیان پێ ئەنجامنادرێت. زۆربەی قوتابیەکان بە لایەنی کەمەوە دوو زمان، زمانی فینلەندی یان سویدی و ئینگلیزی ئەزانن. تەنها ٢٠ کاتژمێر لە قوتابخانە لە هەفتەیەکدا بەسەر دەبەن، منداڵانی فینلەندی کاتێکی زۆریان هەیە بۆ یاریکردن و وەرزش کردن و بە کۆمەڵایەتیکردن و فێربوونی کارامەی سەربەخۆ. هەروەها لە فینلەند ڕێگە بە کردنەوەی قوتابخانەی ئەهلی نادرێت و خوێندن تێیدا بێ بەرامبەرە ، بۆیە منداڵان بەبێ ڕەچاوکردنی داهاتی دایك و باوکیان کۆشش ئەکەن. دوو وشە ئەتوانن ڕێبازی پەروەردەی فینلەند کۆبکەنەوە: کۆمەڵگا و یەکسانی.

٩٣٪ ی فینیەکان لە ئامادەیی ئەکادیمی یان پیشەیی دەرچوون، کە 17.5٪ زیاترە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و لە سەدا 66یش بۆ خوێندنی بالا دەڕۆن، کە بەرزترین ڕێژەیە لە یەکێتی ئەوروپادا. هێشتا قوتابیەکی فینلەندی لەسەدا 30 کەمتر لە قوتابیەکی لە ئەمریکی خەرج دەکات. "پاسی سەهلبێرگ"، زانای

فینلەندی و پسپۆڕی پەروەردەیی، دەڵێت : "**ئێمە منداڵ ئامادە دەکەین کە فێربن چۆن فێربن نەك چۆن تاقیکردنەوە بکەن**".

مامۆستاکان لە فینلەند خۆیان ئازادن لەوەی چ جۆرە مەنهەج و پەیڕە و پرۆگرامێك بەسەر قوتابیەکانیان جێبەجێ ئەکەن ، ئەگەر شێوازێکیش شکستی هێنا، مامۆستاکان ڕاوێژ بە هاوپیشەکانیان دەکەن بۆ ئەوەی شتێکی تر تاقی بکەنەوە. مامۆستاکان ڕۆژانە کاتێکی کەم بەسەردەبەن لە ناو پۆلدا. کەچی پێویستیان بە کاتێکی زۆرە بۆ دروستکردنی مەنهەج و هەڵسەنگاندنی قوتابیەکان. منداڵان کاتێکی زیاتر لە دەرەوە بەسەر دەبەن، تەنانەت لە قوڵایی زستانیش کاری ماڵەوە زۆر کەمە، خوێندنی زۆرەملێ تا تەمەنی 7 ساڵی دەست پێ ناکات. زۆر بەکەمی ئەبیسترێت قوتابیەك برسی یان بێ ماڵ بێت . حکومەت ڕۆژانە چاودێری دایك و باوکان دەکات، هەروەها پێش قوتابخانە هەموو منداڵێکی ٥ ساڵان ، ڕادەهێنرێت لەسەر یاری و بە کۆمەڵایەتی کردن. هەروەها، دەوڵەت یارمەتی دایك و باوك دەدات، مانگانە نزیکەی 150 یۆرۆیان دەداتێ بۆ هەر منداڵێك هەتا تەمەنی 17 ساڵی. قوتابخانەکان خواردن، چاودێری پزیشکی، ڕاوێژکاری و خزمەتگوزاری تەکسی دابین دەکەن ئەگەر پێویست بێت.

جگە لە زمانی فینلەندی و بیرکاری و زانست، پۆلی یەکەم مۆسیقا و هونەر و وەرزش و دین و چنینی دەستی وەردەگرن. زمانی ئینگلیزی لە پۆلی سێیەمەوە وەردەگرن، سویدی لە چوارەم. تا پۆلی پێنجەم منداڵەکان زیندەوەرزانی و جوگرافیا و مێژوو و فیزیا و کیمیا وەردەگرن.

## گرنگترین ئەو تایبەتمەندیانەی

## کە لە سیستەمی پەروەردەی فینلەندیدا هەن:

### 1. هیچ تاقیکردنەوەیەکی ستانداردکراو نیە:

زۆربەی کات قوتابیان تەنها بۆ تێپەڕاندنی تاقیکردنەوەکان،ئەخوێنن. مامۆستاکانیش تەنها بۆ دەرچوون لە تاقیکردنەوەکان هەڵی فێرکردنی قوتابیان ئەدەن. لەو بەینەدا خودی فێربوون فڕێدراوەتە دەرەوەی هاوکێشەکە. بەڵام فینلەندا هیچ تاقیکردنەوەیەکی ستانداردی نیە. تەنیا جیاکاری ئەوان شتێکە کە پێی دەوترێت تاقیکردنەوەی مامناوەندی نەتەوەیی، کە تاقیکردنەوەیەکی خۆبەخشانەیە بۆ قوتابیان لە کۆتایی قوتابخانەی ئامادەیی.

### 2. لێپرسینەوە لە مامۆستایان (ناکرێت):

هەندێك جار لێپرسینەوە و گلەیەکی زۆر دەچێتە لای ئەگەر لەسەر حەقیش بن بەڵام لە فینلەند، هیچ لێپرسینەوەی توندیان بۆ مامۆستایان نییە . پاسی سەهلبێرگ لەوبارەیەوە، دەڵێت" هیچ وشەیەك نییە بۆ لێپرسینەوە لە مامۆستایەك، ئەمە کاتێك ڕوودەدات هەستی بەرپرسیاریەتی لای مامۆستاکان نەبێت. لە کاتێکدا هەموو مامۆستاکان پێویستە پێش چوونە ناو پیشەکە بڕوانامەی ماستەریان هەبێت. پرۆگرامەکانی فێرکردن توندترین و هەڵبژێردراوترین قوتابخانەی پرۆفیشناڵن لە هەموو وڵات.

### 3. هاوکاری نەك پێشبڕکێ:

لە کاتێکدا زۆربەی وڵاتان سیستەمی پەروەردەیی وەك یەك پێشبڕکێی گەورەی دارویني دەبینن، بەڵام فینیەکان بە شێوەیەکی جیاواز دەیبینن. سیستەمی پەروەردەی فینلەندی پشت بەو ووتەیە دەبەستێت کە دەڵێت "براوە ڕاستەقینەکان پێشبڕکێ ناکەن".

### 4. بنەرەتیەکان بکە بە ئامانجی سەرەکی:

زۆرێك لەسیستەمەکانی قوتابخانە زۆر نیگەرانن و لە هەڵوەدەدان بۆ زیادبوونی نمرەکانی تاقیکردنەوەکان و تێگەیشتن لە بیرکاری و زانستدا، کەچی

ئەوان ئەوەیان بەبیر نییە کە بگەڕێنەوە بۆ شتە بنەڕەتەکانی وەك ئەوەی قوتابی پێویستی بە شوێنکی لەبار و خۆش و و تەندروست و ژینگەیەکی گونجاوە بۆ فێربوون. بەڵام سیستەمی پەروەردەی فینلەندا سەرنجی خستە سەر گەڕانەوە بۆ بنەڕەتییەکان. ئەوان هەوڵئەدەن کە ژینگەی قوتابخانە بکەنە شوێنێکی گونجاوتر بۆ فێربوون.

لە ساڵانی ١٩٨٠ ەوە، فێرخوازانی فینلەندی سەرنجیان خستە سەر ئەوەی کە ئەو بنەمایانە بکەنە ئامانجی سەرەکیان:

- پەروەردە دەبێت ئامرازێك بێت بۆ هاوسەنگی لە نایەکسانی کۆمەڵایەتی.
- هەموو قوتابیەکان خواردنی قوتابخانەی خۆڕایی وەربگرن.
- ئاسان گەیشتن بە چاودێری تەندروستی.
- ڕاوێژی دەروونی.
- ڕێنوێنی تاکەکەسی

5. **دەستکردن بە قوتابخانە لە تەمەنێکی درەنگتر:**

لە فینلەندا بە پێچەوانەی وڵاتانی تر منالان لە تەمەنی حەوت ساڵی ئەچنە قوتابخانە. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە منالان لە تەمەنی زووی گەشەکردنیان نەبەستریێنەوە بە پەروەردەیەکی زۆرەملێ. وە تەنها ٩ ساڵ قوتابخانەی زۆرەملێ هەیە، ئەویش ئەو کاتەیە کە منداڵانی فینلەندی پێویستیان بە ئامادەبوون هەیە. لەپاش پۆلی نۆیەم یان لە تەمەنی ١٦ ساڵیدا هەموو شتێك ئارەزوومەندانەیە.

لە ڕوانگەی دەروونییشەوە، زۆر لە قوتابیەکان بەڕاستی هەست دەکەن کە لە زیندانددا گیریان خواردووە. فینلەند ئەم نمونەیە زۆرەملێیە وەلادەنێت و و لە جیاتی ئەوە وا هەڵدەبژێرێت کە منداڵەکانی بۆ جیهانی ڕاستەقینە ئامادە بکات.

6. **دابینکردنی بژاردەی کارامەیی لە ماوەی بڕوانامەی کۆلێژ:**

زۆر جار قوتابی بەبێ حەز و خولیا و بەهرەی خۆی و بەپێی ئەو نمرەیەی بەدەستی هێناوە لە زانکۆ ئەخرێتە بەش و بوارێك. بەڵام فینلەند ئەم گرفتە چارەسەر دەکات بە پێشکەشکردنی بژاردەکان. لە فینلەند، قوتابخانەی ئامادەیی

هەیە کە پرۆگرامێکی سێ ساڵەیە کە قوتابییەکان ئامادە دەکات بۆ تاقیکردنەوەی ماتریکولیشـــن کە قبوڵکردنەکەیان بۆ زانکۆ دیاری دەکات. ئەمە زۆربەی کات لەســـەر بنەمای تایبەتمەندییە کە لە کاتی خۆیان لە "قوتابخانەی ئامادەیی" بەدەستیان هێناوە . دواتر، پەروەردەی پیشەیی هەیە، کە پرۆگرامێکی سێ ساڵە و ڕاهێنان بە خوێندکاران دەکات بۆ پیشـــە جۆراوجۆرەکان. لێرەدا قوتابیان بە ویســتی خۆیان و بەپێی تایبەتمەندی و ئاســتی کارامەیان لە بوارێك بەژداری لە تاقیکاری ماتریکولیشن دەکەن.

7. ڕێنماییە ڕێك و پێکەکانی هەمان مامۆستا:

قوتابییەکان لە فینلەند زۆربەی کات هەمان مامۆســـتایان هەیە بۆ ماوەی شـەش ساڵ لە خوێندنیان. لەم ماوەیەدا مامۆستا دەتوانێت ڕۆڵی مامۆستا یان تەنانەت ئەندامی خێزانەکە بگرێتە ئەســـتۆ لە ماوەی ئەو ســـاڵانەدا متمانە و بەســتنەوەی دوولایەنە دروســت دەکرێت بۆ ئەوەی هەردوولا یەکتر بناســن و ڕێز لە یەکتر بگرن.

8. کەش و هەوایەکی ئارامتر:

لە قوتابخانەکانی فینلەندا . ســـترێس کەمتر و بایەخپێدانێکی زیاتر هەیە. قوتابییەکان عادەتەن تەنها دوو وانەیان هەیە لە ڕۆژێکدا. ئەوان چەندین جۆر خواردنیان هەیە، چێژ لە چالاکی ڕابواردن وەردەگرن و بە گشــتی تەنیا پشــوو دەدەن. بڵاو بوونەوە بە درێژایی ڕۆژەکە ١٥ بۆ ٢٠ خولەك ماوە کە منداڵەکان دەتوانن هەڵدەســتن و درێژ دەبنەوە، هەندێك هەوای تازە بە دەســت بهێنن. ئەم جۆرە ژینگەیەش بۆ مامۆســتایان پێویســتە ، ژووری مامۆســتاکان لە هەموو قوتابخانەکانی فینلەندی دا دانراون، لەوێ دەتوانن پشـــوو بدەن، ئامادەبن بۆ ڕۆژەکە.

9. کاری ماڵەوە و فشاری کەمتر:

خوێندکارەکان لە فینلەند کەمترین ڕێژەی کارکردن و کاری ماڵەوەیان هەیە لەچاو هەر قوتابییەکی دیکەی جیهان. ئەوان تەنها نیو کاتژمێر لە شـــەوێکدا بەســـەر دەبەن بۆ کارکردن لەســـەر شـــتومەکەکانی لە قوتابخانە. خوێندکارە فینلەندییەکان وانە نووسینیشیان نییە.

## سەرچاوە سەرەکییەکان:


- لەسەر زەمینی سەوسەنە سپیەکان – ن. گریگۆری پیترۆڤ .
- Pasi Sahlberg - Finnish educator, author, and scholar
- Eri alojen asiantuntijat: Suomalainen koulu on maailman paras – se ei vain ole kovin hyvä | Yle Uutiset
- Finland’s education system is failing. Should we look to Asia? - Big Think
- Programme for International Student Assessment (2000 to 2012) - Wikipedia
- • Finland: PISA student performance 2000-2018 | Statista
- Finland’s Education System Isn’t Perfect — But We Can Still Learn from It | by Holly Korbey | BRIGHT Magazine (brightthemag.com)
- The truth about Finland’s great schools: Yes, kids do get homework, and no, they didn’t stop teaching individual subjects. - The Washington Post
- finlands schools performance good but some weaknesses | Montrose42 Blog (wordpress.com)
- What Is the Literacy Rate in Finland? (wise-geek.com)
- (1) What is the weakness of Finland’s education? - Quora
- What Is the Literacy Rate in Finland? (wise-geek.com)
- When it comes to education, Finland is not as perfect as we think it is — Quartz (qz.com)
- The dark side of Finland's famous free health care - CNN
- 'Don't believe the myths about Finnish education' (afr.com)
- Chapter 7 Weaknesses of Finnish Education in: PISA and Global Education Policy (brill.com)
- Education in Finland: Pisa isn't the full story | Leadership | The Guardian
- Program for International Student Assessment (PISA) - Overview (ed.gov)